
به بۆنەی رۆژی ژنانی جیهانییەوە، ئەم بابەتە پێشکەش دەکەم بە هەموو ژنان و هەموو ئەو مرۆڤانەی کە یەکسانخوازانە ئەم ڕۆژەیان بەلاوە گرنگە و بە هەندی وەردەگرن.( وەرگێر).

## ئاسۆی ژنان و بزوتنەوەی ژنان دوای شۆرشی عەرەبی



نوال السعداوي/ نووسەر و بیرمەند و چالاکوانی بواری ژنان
الحوار المتمدن - العدد: 3650 - 2012 / 2 / 26 - 19:13
لە عەرەبییەوە: جیهاد موحەمەد

پرسیاری یەکەم/ ئایا ژنان لە دەوڵەتانی عەرەبیدا بەشێکیان بەردەکەویت لەو گۆڕانە سنوردارەی کە لە ئێستادا دێتە ئاراوە لەو کۆمەڵگایانەدا وەک یەکێک لە ئەنجامەکانی بەهاری عەرەبی؟

وەڵام/ بە دڵنیاییەوە ژنان لەو وڵاتانەی شۆڕشی میللی تیا بەرپا ببوە لە ساڵی 1911ەوە، دەور و کاریگەرییەکی گەورەیان دەبێت و دەستکەوتگەلێکی زۆریان دەبێت لەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر کۆمەڵگاکاندا دێت.

پرسیاری دوهەم/ سیستەمی بەها و ڕۆشنبیریی باو کە سەد ساڵە کەڵەکە بووە و لەسەر جیاکاریی ڕاگیراوە دژی ژنان و شکۆیی پیاوان. ئایا سروشتی دیموکراتیی بزاوتە میللییەکە ڕزگارییەک دادەمەزرێنێت لەم دەسەڵاتە فکرییەدا کە داوای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و دیموکراتی سیاسیی دەکات؟

وەڵام/ بەڵێ ژنان دەگەن بە مافگەلێکی زۆر لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کە شۆڕش بەرپا بووە دژی بەهای چینایەتی و باوکسالاریی میراتگریی لە کۆیلایەتی و وە پلە بە پلە خۆ ڕزگارکردن لە عەقڵیەتی نێرسالاریی و دەسەڵاتی ستەمکاریی لە دەوڵەت و خێزاندا.

پرسیاری سێیەم/ ئەو میتۆدە نموونەییە کامەیە کە ژنان بیگرنە بەر لە خەباتییاندا بۆ سەپاندنی بوونیان و پیشاندانی دەوریان و هاوبەشیکردن و چالاکیاین لە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشبیریی لەو دەوڵەتانەی کە حیزبە ئیسلامییە سیاسییەکان تییایدا گەیشونەتە حوکمڕانی و دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست؟

وەڵام/ بزاوتە میللییەکە کە ژنان و پیاوان لەگەڵ یەکدا پێیهەستاون، کە ژنان هاوبەشیانکرد لە شۆرشەکاندا لە هەموو وڵاتاندا بە خوێنی خۆیان و ژیانی خۆیان و کچ و کوڕ و نەوەکانی خۆیان، بەڵی ڕزگارمان بوو لە سەری سیستەمە گەندەڵەکە بەڵام لاشەکەی هەروەک خۆی ماوە و لە ڕێگەی سوپا و پۆلیس و ڕاگەیاندن و کۆلۆنیالیزمی ئامریکیی و ئیسرائیلیی و وڵاتی نەوتی سعودییەوە تا قەتەریش حوکم دەکات.

پرسیاری چوارهەم/ حیزبە ئیسلامییە سیاسییەکان بانگهێشتدەکەن کە ئیسلامیکی لیبراڵی نوی دەهێننەئاراوە و قسەگەلێک دەکەن کە گونجاوبێت لەگەڵ بیری دەوڵەتی شارستانییەتدا. هیچ شیمانەیەک لای تۆ هەیە کە ئەم تێز و بانگهێشتە ڕاستبێت و گەشبین بییت بەوەی مافەکان و ئازادییەکانی ژنان لە نێو بەرنامەی سیاسیی و چاکسازیی هێزی ئیسلامی سیاسییدا مسۆگەردەکرێت، لە کاتێکدا کە ئەوان دروشمی" ئیسلام تەنیا چارەسەرە" یان هەڵگرتوە.

وەڵام/ ژنان خۆیان بوونی خۆیان و مافەکانیان لە ڕێگەی یەکێتی و ڕێکخستنە هوشیارییەکانەوە دەسەپێنن، ئێمە دووبارە یەکێتی ژنانی میسر پێکدەهێنینەوە کە سۆزان موبارەکە قەدەغەیکردبوو، وە ژن و کچە لاوەکان بەشدرییدەکەن تێیدا کە خۆیان شرۆشی میسریان هەڵگیرساندوە، دواتریس حیزبێکی داهێنەرانەی شۆڕشگێر دروستدەکەین کە شۆڕشی عەقڵ و بیر و فێرکاریی و دەستور و یاساو سیاسەت قبوڵبکات.

**پرسیاری پێنج/ ژنان خۆیان بەرسن لەم دەوڵەتانەدا لە پاشکۆییدان و هەروەها لە لاوازییدان؟ ئەم بەرپرسیارێتییە لە لای کێیە و لە چیدایە و چۆن دەتوانرێت ئەم حاڵەتە بگۆڕدرێت؟**

**وەڵام/ ژنان بەرپرسن لە خۆڕزگارکردنی خۆیان بە هاوبەشی کاری هەرەوەزیی و خەباتی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ هەموو بەشەکانی تری هاوبەش لە شۆرشدا وەک لاوان و پیاو و کرێکار و ژنە جوتیارەکان و هەموو بەشەکانی تری گەل کە بە ملوێن دەرپەڕیون بۆ سەر شەقامەکان . حیزبە دینییەکان گەیشتونەتە ئەنجومەنی نیشتیمانی لە میسردا بە هۆی هەڵبژاردنێکی نا یاسایی و نا دادپەروەریی و تا نیمچە ساختەوە لە ژێر ناوی دیموکراتییدا، ئەمە بەشێک بوو لە دژە شۆڕش لە ناوخۆ و دەرەوەدا بۆ لەباربردنی ئەم شۆرشانە، ئەم حیزبە دینیانە هەوڵدەدەن کە ژانان بێ بەشبن لە مافە مرۆییەکانیان بەڵام ململانێکە بەردەوام دەبێت و شۆڕش ناوەستێت هەتا هەموو مافەکان بەدەستدەهێنرێت.**

**پرسیاری شەشەم/ ئەو دەورە کامەیە کە دەبێت پیاوان پراکتیزەی بکەن بۆ ڕزگارکردنی خۆیان و کۆمەڵگا پیاوسالارییەکەیان لە عەقڵیەتی دەسەڵاتگەرێتی بەسەر ژناندا و داگیرکردنی مافەکانیان و ئازادییەکانیان؟**

**وەڵام/ پیاوی شۆڕشگێر دەبیت وەک ژنی شۆڕشگێر خۆی خۆی ڕزگاربکات لە بیری نێرسالاریی باوکێتیی و عەقڵیەتی ستەمکاریی، ئەمە لە کاتی هاوبەشیکردن لە شۆڕشدا ڕوودەدات بەسەر بەها کۆنەکاندا لە خێزان و دەوڵەت و قوتابخانەو کۆڵان و شەقامەکان و هەموو شوێنێکدا، ئەمە کارێکی ڕۆژانەی بەردەوامە و ڕەفتارێکی نوێیە لە ماڵەکان و شەقامەکاندا دەبیت بگیرێتە بەر، بەرهەمی گۆڕانی سیاسیی و دەستوری و فێرکاری و یاسایی دەبێت نەک تەنها دەرکەوتەیەکی سەر شەقامەکان.**
**دەبێت شۆڕشگێرەکانی ژنان و پیاوان ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتی هاوبەش پێکبهێنن لە خۆیان بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی ئەنجومەنی سوپایی و حیزبە دینیەکان.**
**پێویستە شۆڕشی میللی خۆی حوکمی خۆی بکات بە دەستورێکی نوێ و بەهایەکی نوێ و ڕێگە بە کەسی تر نەدات کە بیخاتە ژێردەستی خۆیەوە بە ناوی دین و سوپا و شەرعیەتی دەستورێکی کۆنی سەردەمی موبارەکی ڕوخاو.**
**گەورەترین هەڵەیەک کە کردبێتمان لە دوای ڕوخانی موبارەک قبولکردنی ئەنجومەنی سەربازی بوو بۆ حوکمڕانیی.**
**پێویستە ئەم هەڵەیە بە پەلە ڕاستبکەینەوە پێش ڕوودانی جەنگی ناوخۆی میسر کە دژە شۆڕش پلانڕێژی بۆ کردوە بۆ ئەوەی شۆرش بخاتە چاڵەوە و بیمرێنێت و دووبارە ڕژێمی موبارەک بهێنێتەوە ئاراوە بە ڕوخسارێکی نوێی سەربازی و حیزبگەلێکی دینی و لیبراڵیی فێڵباز.**
**ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویاندا لە بۆرسعید لە ڕۆژانی یەکەمی فەبروەری 2012 دا و چەندین هەزار کوژرا و بریندار لێکەوتەوە لە لاوە بە سود و بەکەڵکەکانی وەرزشوانی میسر، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دژە شۆڕش بە سەرکردایەتی سوپا و هاوکارانی لە ڕەوتە دینییەکان کە خۆیان گەیاندۆتە ئەنجومەنی نیشتیمانی، پلانڕێژی دەکەن بۆ ئەوەی بەسەر شۆڕشی میللیی میسردا سەربکەون، بەڵام ئەمە ڕوونادات چوونکە بە ملوێنەها لە گەڵ لە ژنان و پیاوان و منداڵان، ڕژاونەتە سەرشەقامەکان داوای ڕوخانی حوکمی سەربازیی و دەولەتی دینی پێکەوە دەکەن.**

**http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=296777**